# شەونم

## هۆنراوەی (35)

پیرانه سرم عشق جوانی به سر افتاد

بەو پیری یە کەوتۆتە سەرم عیشقی جەوانی
هەرچی لە دڵم دابوو نەما رازی نیهانی
تەیری دڵەکەی بەرزەفڕم تووشی نەزەر بوو
چاو چاو بە تەڵەی کێوە بووە چۆنکە روانی
لەو ئاسکە سڵەی چاورەش و بۆنخۆشە بەداخم
وەک نافە دڵم خوێنە لەسەر جەرگمە ژانی
ئەو بۆنە گوڵە بۆنی گڵی کووچەی تۆ بوو
هێناویە لەگەڵ خۆی کزەبای کاتی بەیانی
تاشیری لەکالانی دەرێناوە برۆی تۆ
ئەژماری شەهیدی نەمرت رەنگە نەزانی
ئەو بادە لەکوێ سازبوو کە مەیگێڕی خەرابات
تا ئێستە بە ئەو بۆن و بەرامەی نەدەزانی
نابێتە لەعل بەردە رەشە گەر دڵی تۆقێ
چونکی لە ئەسڵدا رەشە بنج و بنەوانی
زۆر تەجرەبەمان کردووە لەو کاولە کۆنە
هەرکەس دژی مەیخۆرە نەما نێو و نیشانی
ئاورێکی دڵ ئاگردەری تێ بەردەبێ ئاخر
ویشک و تەڕ ئەسووتێنێ نیە ئاور ئەمانی
بۆ تەیری غەزەل خوێن و زرینگێکی بە داخم
رێی لێ هەڵە بوو تووشی تەڵەی بوو بەگومانی
حافز کەسەری زولفی کچان دەستی دەکێشا
واکەوتووە ئێستا نەسەری ما نە زمانی

**حافزی حەقیقی**